چیرۆکی وەرگێڕدراو

تسۆجی کۆنیۆ

# چیرۆکی ژاپۆنی ڕەشپۆش

و: سابیر مەلوول



ئەگەر یادەوەری خیانەتم لێ نەکات بیرمە لە مانگی ئایاری ساڵێک لە ساڵەکانی دەیەی پەنجادا لە باخچەی"سۆ" کە لە پەرگەی خوارووی پاریس هەڵکەوتووە، پیشانگای مۆزەخانەکانی "لیل دی فرانس" کرایەوە، من و ژنەکەم بە خوێندنەوەی پۆستەرێک لە میترۆدا بە بوونی ئەم بۆنەیەمان زانی پێمـوایە ئێمە بۆ ئەو پێشانگایە نەدەچووین ئەگەر تابلۆی جادووبازی نیگار کێشی هۆڵەندی"بۆش"ی تێدا نمایش نەکرایە لە راستیدا پێویستی نەدەکرد بۆ بینینی ئەم تابلۆیە کە لە مۆزەخانەی "سان جێرمان ئۆنلای" بوو بۆ "سۆ" بچین، بەڵام ماوەیەکی درێژ بوو نەهاتبووینە پاریس، سەرباری ئەوەش وەرزەکەی وەرزی گوڵ لەیلاخ بوو، پاشانیش ئارەزوویەکی بەتینمان تێگەڕابوو بۆ سەردانی کۆشکی "سۆ" وباخچەکەی کە لە خۆشی شکۆی کۆشکی ڤێرسای ناونرابوو–ڤێرسای چکۆلە– رۆژێکی خۆش بوو، دنیا پاک و بێگەرد، گوڵە لەیلاخەکانیش بە تیشکێکی زیندووی دڵبزوێن، ورینجە ورینج دەتروسکانەوە، کۆشک و تەلاری "سۆ"ساختمانێکی قەشەنگ و جوانە و لەسەر شێوە و تەرزی بیناکانی سەدەی حەڤدەم سازکراوە. لە هۆڵەکەیەوە کە بەسەر باخچەکەدا دەیڕوانی دەمانتوانی لە لاکەی تری دارستانەکەوە پانتایی درەوشاوەی حەوزەکە ببینین کە قورینگان ئارام ئارام مەلەیان تێدا دەکرد.

لە دەروازەی هۆڵەکەدا نیگای ژنەکەم چووە سەر ژنێکی ڕەسیدە کە جلی تازیەباری پۆشیبوو. لەو ساتەدا من بەرەو حەوشەی باخچەکە ڕۆیشتم و کاتێک ئاوڕم دایەوە بینیم ژنەکەم لەگەڵ ژنە ماتەمبارەکەدا سەرگەرمی قسەن کە شتێکم لە ناوەڕۆکەکەی بۆ نەچووە سەریەک و نەمدەزانی چی دەڵێن. لە ژنەکەم نزیک بوومەوە و سڵاوم لە دەستە خوشکەکەی کرد و لە درزی چارشێوەکەیەوە چاوە خۆڵەمێشییە تەڕەکانی خانمی دینیس فام " کە ژنەکەم ئاوا پێمی ناساند" بینی، چاوەکانی نیگایەکان دەگرت لە هەمانکاتدا ترسناک و پڕ پرسیار و ناڕازی..

دوای ئەوەی لە دینیس فا دوور کەوتینەوە لە ژنەکەمم پرسی:

– ئەم ژنە بۆ وا ڕەشپۆشە، ئایا کەسێکی نزیکی مردووە؟

– هەمیشە هەر وایە، منیش کاتێک بۆ یەکەم جار بینیم پرسیم بۆ کێ ڕەشی پۆشیوە، بەڵام پێدەچێ مەسەلەکە بە پێچەوانەی هزری ئێمەوە بێ، ئاخر ئەم سەرشینە وا خەیاڵ دەکات کە بێوەژنە لە کاتێکدا بە هیچ جۆرێک شووی نەکردووە.

–ڕەنگە دڵدارەکەی لە جەنگدا لە دەستدا بێ .

– هەر چونێک بێ ئافرەتێکی ساردە، زۆر زۆر سارد بگرە دەڵێن شێتەو و کەس قسەی لەگەڵدا ناکا، بۆ نموونە لە پۆلدا دوور لە هەمووان بە تاقی تەنیا دادەنیشێ کاتێکیش وانە کۆتایی دێ و لە هۆڵی محازەرەکان دەردەچین و هەموو بەسەر مامۆستادا دەڕژێین و دەیدەینە بەر ڕێژنەی پرسیاران، ئەو خۆی دوور ڕادەگرێ هەندێک جار دڵم پێی دەسووتێ و کاتێک داوام لێ دەکات ئەو سەرنج و تێبینییانەی دەدەمێ کە نووسیومنەتەوە، بەڵام هەستێکی وام تیایە کە دەرفتەرەکەم بە پیسی بۆ دەگێڕێتەوە وەک بڵێی تەڕیی دەستە ساردەکانی چووبێتە ناو دەفتەرەکەوە ئەمەش وام لێ دەکات کە نەوێرم جارێکی دیکە دەفتەرەکەی بدەمێ. لە کاتێکدا گوێم بۆ ژنەکەم ڕادێرا بوو، ئەوەم هاتەوە یاد کە دەستم بەر دەستە سارد و تەڕەکانی دنیس فا کەوتبوو و هێشتانیش لێرە لەسەر پێستەکەم هەستم بەو تەزووە ساردە دەکرد.

بەڵام لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆیشتین و بڕیمانەوە، ئاخر تابلۆ مەزنەکەی "بۆش" لەبەرامبەرماندا لە کۆتایی هۆڵەکەدا هەڵواسرابوو و بە بوونی خۆی کەشەکەی چڕترو بێگەردتر کردبوو: لە فەزایەکی نامۆدا و لەسەر دیوارەکەی پشتەوە خەڵکانێک دەبیندران کە بە شێوەی جۆراجۆر ئەفسوونیان لێ کراوە، لە ملایشەوە سیحربازێک کێشراوە کە بەرچنەیەکی بە پشتێنەکەیدا هەڵواسیوە کونەپەپوویەکی تیایە، ئەوجار سەگێک هەیە پاشان بۆقە مێ یەک لەسەر مێزێکە دواجار پیرەمێردێک دەبینی کە بۆ پێشەوە دەڕوانێ تاکو بە باشی ببینێت.

لەم چرکەساتەدا ژنەکەم واڵەی لێ هەستا:

– وای خوایە ئەوە خۆ بۆقە مێیەیەکە! وای گوت و پەنجەی بۆ بۆقەکەی سەر مێزەکە نا بەڵکو بۆ بۆقەمێیەیەکی تر ڕاکێشا کە جووتێ چاوی زەرکەفتی پێوەبوو و پیرەمێردە چەماوەکەی بە دەمی کراوەی گرتبوو ئەو وشانەم نایەتەوە یاد کە دەربارەی بابەتی تابلۆکە گۆڕیمانەوە، بەڵام هەرگیز نەمتوانیوە ئەو غەرابەت و سەراسیمە بوونە لە یادەوەریمدا بسڕمەوە کەئەم دیمەنە بێوەیە وروژاندی ئەو هەستەی کاتێک چەکەرە دەکات کە دنیا بەیەکجار خامۆش و کپ دەبێ و هەرچی ژاوە ژاوە لە پڕدا دەبڕێتەوە، دوای دوو ساڵ جارێکی دیکە بۆ بینینی تابلۆکەی"بۆش" چووم بۆ مۆزەخانەی"سان جێرمان ئۆنلای" ڕەنگە بۆ ئەوە چووبێتم تا لەو هەستەم دڵنیا بم، وا ڕێکەوت ژنەکەم سەرقاڵی کۆبوونەوەیەک بێ لەبەر ئەوە بەتەنیا سواری پاسێک بووم و چووم بۆ پەرگەی شار دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پایزییە تاریک و تەڕوتووشە هۆڵی تابلۆکە چۆڵ و هێمن بوو، بەڵام من ژنێکم بینی کە ڕەشی پۆشیبوو و بەرامبەر تابلۆکە ڕاوەستا بوو.

له کـاتی چوونه ژوورەوەمـدا ئەو بەرەو دەرگـای دەرچوون دەهات و کـاتێک کـە ڕووبەڕووی بوومـەوە لە کەلێنـی چارشێوە ڕەشەکەیەوە چاوە خـۆڵەمێشـییـە تەرەکان و نیـگا ترسناکەکەی دینییس فام بینی و نەمپەرژایە سـەر سڵاو و خـۆشـقەڵە چونکە وەک تارمـاییـەک بە بەردەممدا قوچاندی.

بۆ ئێوارەکەی لە کاتێکدا لە چێشتخـانەیەکی چکۆلە دانیشتـبووم و لـە پەنجەرەکەوە نیگای شارم دەکرد، باران بە لێزمە دایکرد پاشان دوای تاوێک ژنەکەم هات.

– دەی پێمبڵێ تابلۆکەت چۆن هاتە بەر چاو؟

– زۆر جوان ، ئەوجار ئەو ژنەشم بینی کە لە "سۆ" تووشمان بوو.

سەری سووڕماو پرسی: بەڕاستە، تۆ دڵنیای ئەو بوو؟

گوتم: بەڵێ زۆر زۆر بەڕاستمە و دڵنیام ئەو بوو، هەر وەک ئەو ڕۆژەش ڕەشی پۆشیبوو.

ئەوجار بۆ تاوێک مات و خامۆش لەڕوخسارم ڕاماو گوتی:

–بەڵام دینیس فا ماوەیەکە مردووە!

هەرکە وایگوت هەستێکی وام تێگەڕا کە دنیا خامۆش بوو و سرتەی لێ بڕا.

لەو بۆشـاییـیەدا کـە هاتە ئاراوە و لەو کش ومـاتییـەدا تەنیـا باران بوو کە بە لێزمـە دەباری، هەر وەتر زۆر بەڕوونی دێتـەوە یادم کـە ڕوخسـاری ژنەکـەم بەشـێوەیەکی سـەیرو نامـۆ بۆ دوور ڕۆیشتبوو و دەتگوت لەم دنیایەدا نییە!

ڕەسید: پێگەیشتوو، عازەو، کامڵ

پەرگەی شار : پەڕی شار، کەناری شار

سەرشین – بابانوێران.

خۆشقەڵە: چاک و چۆنی

سەرچاوە: المسخ ، قصص من یابان، ترجمە کامل یوسف حسین، بیروت ١٩٩٢ .